

یەڵدا پەرسا:

# ئامانجمان خزمەتکردنی مرۆڤایەتییە لە ڕێگای هونەرەوە

**خانمە رۆژنامەنووسێکی فارسەو خەڵکی تارانی پایتەختی ئێرانە، ماستەری لە رۆژنامەنووسیی گەڕۆك لە زانکۆیەکی بەرسیلۆنای ئیسپانیا وەرگرتووە، ساڵی ٢٠١٠ هاتە هەرێمی کوردستان و لەگەڵ چەند ئاژانسێکی جیهانی لە ئێران، ئەورووپا و باشووری کوردستان کاری کردووە، ئێستاش وەکو خانمێکی گۆرانیبێژو رۆژنامەڤان ناسراوە، لە دەرفەتێکدا وەڵامی چەند پرسیارێکی داینەوە.**

*** بە ڕێکەوت لە رۆژنامەنووسییەوە رووت لە گۆرانیکردن کرد، یان ئارەزووی خۆت بووە ؟**

- ئارەزووی خۆم بووە و هەر لە منداڵییەوە حەزم لەو بوارە کردووە و دایکیشم دەنگی زۆر خۆشە و ئەمەش کاریگەریی زۆری لەسەر من و خوشکم هەبوو. من و دایکم و خوشکم لە ئاهەنگەکانی خۆمان هەمیشە گۆرانیمان وتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئێران بووین، نەمتوانی بەشێوەی پرۆفیشناڵی بچمە نێو بواری هونەرەوە، کە هاتمە ئیسپانیا بەشێوەی ئینتەرناشناڵ و پیشەگەری دەستم بە گۆرانیوتن کرد و ئێستا لەگەڵ گرووپی نێودەوڵەتی (BCN- WORLD MUSIC PROJICT GROUP)م کە لە زۆر وڵاتان ئەندامی هەیە و تێیدا گرنگی دەدەین بەوەی لە ڕێگای مۆسیقاوە گشت سنوورەکان بشکێنن و ماوە ماوە کۆنسێرت ساز دەکەین. دوو پرۆژەشم لەبەردەستە کە بەم زووانە بڵاویان دەکەمەوە، یەکەمیان بە زمانی کوردییە و ئەویتریان بە کوردی و ئیسپانییە، بواری رۆژنامەنووسیم هەڵبژارد بۆ ئەوەی زیاتر دەنگم بگەیەنم و دەمەوێ جیهانی لێ ئاگادار بکەمەوە و لەسەر کاری رۆژنامەنووسی و هونەریش ئازاری زۆرم کێشاوە و ناچار بووم بە تەنیا لە سەرەتاوە دەست پێبکەم.

*** ئەو حەزەت بۆ زمانی کوردی لە چییەوە سەریهەڵدا ؟**

- هەر لە تەمەنی منداڵییەوە عاشقی ئەو زمانە بووم و بۆ من تایبەتمەندییان هەیە، من مامۆستای زمانی ئینگلیزیم، بەڵام وەك کوردی حەزی لێناکەم، لەلایەکی دیکەوە لە نێو کورد هونەرمەند زۆرن و لە تاران زۆر کەسایەتی هونەری و ئەدەبی کوردم ناسی کە دەرهێنەری سینەمایی، یان شانۆکار، یان گۆرانیبێژ و موزیسیان و شێوەکار بوون، وەکو کامکاران، بەهمەنی قوبادی و قوتبەدینی سادقی، ئەمانە زۆر هاوکارییان کردم و پێیان خۆش بوو کە دەیانبینی کچێکی فارس گرنگی بە کەلتووری کوردی دەدات،



هەروەها منیش خۆم زۆرم هەوڵدا، بۆیە کە هاتمە کوردستان لە ماوەی چەند مانگێکدا فێری زمانی کوردی بووم، ئەوە بوو بۆ یەکەم جار دیوانی (شێرکۆ بێکەس)م وەگێڕا بۆ سەر زمانی ئیسپانی.

*** ئەو ماوەیەی کە لە کوردستان بووی چ تێڕوانینێکت دەربارەی کورد لە لا دروست بووە ؟**

-ئەگەر راشکاوانە قسە بکەم، کاری ئەرێنیی زۆرم لە کوردستان بینی، لە هەمان کاتدا کاری نەرێنیی زۆریشم بینی، بەتایبەتی لە بواری بیزنس لەلایەن کۆمپانیایەکی بازرگانی ناسراو زیانی زۆرمان بەرکەوت لە زۆر رووەوە و ئەزموونێکی باش نەبوو بۆ من، بەڵام خەڵکانێکی زۆریش بەڕێز و هەست ناسك و مرۆڤدۆستم ناسی و کەسایەتی زۆر ناسراو بواری هونەر و ئەدەبیشم ناسی، لەوانە مامۆستا خەسرۆ جاف و مامۆستا مەزهەری خالقی، کەریم بەختیاری، ئەوەی بۆ من گرنگ بوو، لە نزیکەوە ناسینی کۆمەڵگەی کوردی بووە.

*** زیاتر ئارەزووت لە گۆرانی کوردییە یان فارسی ؟**

- ناتوانم بڵێم زیاتر ئارەزووم لە کامیانە، چونکە فارسی زمانی دایك و باوکی منە و کوردیش زمانێکی زۆر خۆش و شیرینە، هەروەها من پێنج زمان زۆر بە باشی دەزانم و ئێستا هەوڵدەدەم فێرە زمانی شەشەم بم، ئەمەش تا رادەیەك سەختە، بەڵام لەبەر ئەوەی من زۆر حەز دەکەم فێرە زمان و کەلتووری نەتەوەکانی دیکە بم بۆ من زۆر سەخت نییە، من عاشقی زمانی کوردی بووم و لەناو گۆرانییەکانیش جۆرێك هەستی تێدایە کە لە هەستەکانی منەوە نزیکە، هەست دەکەم جۆرێك خەمی تێدایە، لە ئیسپانیا تێبینی ئەوەم کرد کە ئاشنایەتیان بە زمان و ئەدەبی کوردی نییە بۆیە پێمخۆشە ئەو زمانە زیاتر بناسێت ئەگەر کەمیش بێت لە رێگای مۆسیقاوە، چونکە من سیمینارێکم لێرە ساز کرد، خەڵکەکە لێیان پرسیم کورد چییە؟ نەیانگوت کورد کێیە؟ بەڵام لە ئێستادا و دوای ساڵێك هەستم بەوە کردووە کە زانیارییان دەربارەی کورد هەیە.

*** لە کەتەلۆنیا زیاتر وەك کوردێك ناسراوی، یان فارس ؟**

- من فارسم، بۆیە وەك کچێکی فارس دەمناسن، چونکە زیاتر لە وڵاتەکەت دەپرسن کە بزانن تۆ خەڵکی کوێی، بەڵام مایەی سەرنجە بۆ ئەوانیش کە کچێکی فارس بەو شێوەیە حەز بە هونەر و کەلتووری کورد دەکات، ئەوان زیاتر گرنگی بەوە دەدەن کە تۆ چییان پێشکەش دەکەی، لە ماوەی رابردوو بە فارسی زۆر کاری هونەریم ئەنجامداوە، بەداخەوە لێرە موزیسیان نییە کە شارەزایی تەواوی لە مۆسیقا رۆژهەڵاتییەکان هەبێت، هەروەها بەدوای سپۆنسەریشدا دەگەڕێم، بە شێوەیەکی گشتی وەك فارسێك دەمناسن کە گرنگی بە هونەری کوردی دەدات و زۆربەی کارەکانی کوردین.

*** لە کەتەلۆنیا هەوڵی پێشخستنی هونەری کوردی دەدەیت، کاردانەوەی ئێرانییەکان چی بووە ؟**

- کەسانێك هەبوون کە پێیان گوتم تۆ فارسی بۆ بە کوردی گۆرانی دەڵێی؟ لە بەرامبەردا کەسانێکی دیکەی فارس هەبوون کە دەستخۆشییان لێکردووم کە وەك کچە فارسێك جگە لە زمانی خۆم بە چەندین زمانی دیکە گۆرانیم گوتووە، بەشێوەیەکی گشتی بۆچوونی ئەرێنی و نەرێنییان لەو رووەوە هەبووە.





ئیسماعیل خەیات:

# هیوای زۆرم بە هونەری شێوەکاریی کورد هەیە

ئیسماعیل خەیات لەساڵی (١٩٤٤) لە خانەقین لەدایك بووەو خانەی مامۆستایانی بەعقوبەی تەوا کردووە و ئەندامە لە کۆمەڵەی شێوەکارانی عێراق و کۆمەڵەی شێوەکارانی جیهان (I.A.A).بەشداری زیاتر لە شەست پێشانگای هاوبەشی لە (شارەکانی کوردستان، بەغدا، سووریا، ئەردەن، رووسیا، ئەوروپای رۆژهەڵات، کۆریای باشوور، ژاپۆن، فەرەنسا، سوید، نەمسا، سویسرا، دانیمارك، ئەمریکا و ئەڵمانیا).

خۆشەویستیی ئیسماعیل خەیات بۆ هونەرەکەی بێ سنوورە و لەو بارەیەوە دەڵێ: هەڵبەتە ئەوەی من کاری لە سەر دەکەم، بەفڵچە و رەنگ و قەڵەمەکانیش هەمووی کەرەستەیەکی زۆر پیرۆزن، بەشێکن لەژیانی من، رۆژ بە رۆژیش بیرۆکەی تازەم بۆ دێت، هەمیشە هونەرمەندی باش دەتوانێ بابەتی باش بدۆزێتەوە، لەبەر ئەوە من وا هەستدەکەم لە دنیای وێنەکێشان، هەموو هونەرمەندە باشەکان هیوا و ئاواتیان لە بن نایە، لەبەر ئەوە منیش وەکو هونەرمەندێکی کورد ئاواتم زۆرە، بە هیوام هونەرمەندانی کوردیش هەروا بن و لە رووی تەکنیکەوە بەرەو پێش بچن ببن بە مایەی شانازی بۆ گەلی کورد.

سەبارەت بەم پرسە ئاستی هونەری شێوەکاری کوردی لە نێو هونەری وڵاتان دەڵێت:هونەری شێوەکاری کوردی رۆڵێکی هەیە، هەندێکیان لە ئاستێکی باشدان و هەندێ جاریش تێکەڵکردنێك دروست دەبێت لەلایەن ئەو هونەرمەندە باشانەوە، بەڵام بزاڤی رەخنەی شێوەکاری هەر بوونی نییە، بەڵام دەکرێت هیوامان بەوە بێت هونەری هونەرمەندە باشەکان هەر پێشکەوێت و کاریگەری باشیان هەبێ لەسەر نەوەی دوای خۆیان، مێژووی هونەری شێوەکاری زۆر کورتە، ئەگەر بەراوردێکی پێ بکەین لەگەڵ ئەو وڵاتە پێشکەوتووانە، بەڵام هیوام زۆر بەهونەری شێوەکاری کوردی هەیە وەکو ئێستا هەندێ هونەرمەند ئاستی هونەرییان زۆر باشە و هیوام وایە باشترین و جوانترین و بەرزترین گوزارشت لەخاکەکەیان بکەن.





# دوای دە ساڵ مایا نەسری دەگەڕێتەوە

خانمە گۆرانیبێژ و ئەکتەری لوبنانی مایا نەسری کە سەرەتا بە گۆرانیبێژێك ناسرا و خاوەن جەماوەرێکی زۆر بوو، دوای ١٠ ساڵ دوورکەوتنەوە لە بواری گۆرانی و موزیك، بڕیاریدا دووبارە بگەڕێتەوە و دەست بە گۆرانی گوتن بکاتەوە.

هاوکات لەگەڵ رۆژی خۆشەویستی (ڤالانتاین) گۆرانییەکی نوێ بە ناوی (محدش حكالك) لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی یۆتیوب بڵاوکردەوە کە یەکێکە لە گۆرانییەکانی ئەلبوومە چاوەڕوانکراوەکەی کە بە ناوی ( كمل لوحدك) و لە هەشت گۆرانی پێکدێت، بە شێوەزاری میسری و لوبنانی و بڕیار وایە لە ئاهەنگەکانی (شم النسيم) کە هاوکاتە لەگەڵ جەژنی نەورۆز بڵاوی بکاتەوە.

مایا نەسری لەم بارەوە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا رایگەیاند: دوای ئەوەی لە ماوەی رابردوودا سەرقاڵی پەروەردە کردنی منداڵەکانی بوو بەتایبەتی دوای لە دایکبوونی سێیەمین کچی، لە مانگی نیسانی داهاتوودا دەگەڕێتەوە قاهیرە بۆ ئامادە بوون لە نمایشکردنی فیلمە نوێیەکەی کە لە دەرهێنانی ئیهاب لەمعیی و هانی رەمزیش تێیدا بەشدارە.

لەلایەکی دیکەوە مایا گشت دیمەنەکانی خۆی تەواو کردووە لە نوێترین زنجیرە دراما کە بەشداری تێدا دەکات بە ناوی (السر) کە هەر یەکە لە حوسێن فەهمی و وەفا عامر و ریم بارودی تێیدا بەشدارن و لە ٦٠ ئەڵقە پێکدێت، بەڵام دوای مانگی رەمەزان نمایش دەکرێت.

# جیجی حەدید تووشی نەخۆشی بووە

کچە نمایشکار و ئەکتەری ئەمریکی و بە رەچەڵەك فەلەستینی جیجی حەدید نهێنی ئەو نەخۆشییەی ئاشکرا کرد کە ماوەیەکی زۆرە بەدەستییەوە دەناڵێنێت و کاریگەرییەکی نەرێنیی کردۆتە سەر تەندروستی و ناتوانێت وەکو پێویست کارەکانی ئەنجام بدات.

جیجی لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەنووسیدا رایگەیاند تووشی نەخۆشییەکی ترسناك بۆتەوە کە (هاشیمۆتۆ ) ناسراوە واتە هەوکردنی درێژخایەنی رژێنی دەرەقی و بەشێوەیەکی بەربڵاو لە نێو ئافرەتاندا هەیە.

جیجی کە ئێستا ناوی بە گۆرانیبێژی ناسراوی بەریتانی زین مالك بەستراوەتەوە، هەروەها رایگەیاند: بۆ چارەسەروەرگرتن لەم نەخۆشییە بەردەوام چارەسەری تایبەتی ئەو نەخۆشییە وەردەگرێت، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری کێشی لەشی لە دەست بدات.

هەر سەبارەت بە نەخۆشییەکەی جیجی حەدیدیی تەمەن ٢٢ ساڵ نامەیەکی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکردەوە و تێیدا دەڵێ: بۆ ئەو کەسانەی کە لە هۆکاری دوورکەوتنەوەم و هۆکاری گۆڕینی لەشم دەکەن لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، پێیان دەڵێم: بەداخەوە ئەو نەخۆشییەی کە لە تەمەنی ١٧ ساڵییەوە پەرۆشی کردبووم، لەو ماوەیەدا دەستنیشان کرا و تووشی هەوکردنێکی زۆری کردووم، هەروەها بۆتە هۆکاری قەتیس مانەوەی بڕێکی زۆری ئاو لە لەشمدا و زۆریش نیگەران و ماندووی کردووم.

# 11 ساڵ لە بەرهەمهێنان و ئەفراندن و شکۆمەندیی هونەری



لوقمان غەریب *



لە یازدە ساڵی رابردوودا، هەوڵ و تەقەلایەکی زۆرمان دا کە پێگە سەرەکییەکانی ئەم بوارە گرنگەی هونەر (سینەما و تەلەفزیۆن) بە سروشتی خۆی و وەك دنیای پێشکەوتوو بەرجەستە بکەین. ئەم کۆششەمان لە وڵاتێکدا دەست پێکرد، کە خۆی لە زۆر لە بوارەکانی تری ژیاندا لە سەرەتای دۆزینەوەی شوناسی خۆیدا بوو. سەرەتایەکی تازە و هەنگاوی بە سروشتی کردنی کایە و کارکردنی بوارێك کە دەخوازێت رێچکەی ئاسایی خوی وەك هەر جێگەیەکی تری ئەم دنیایە بدۆزێتەوە. توانیمان تا ئەندازە و قۆناغێك سەرکەوتوو بین.

ئەگەر حوکمی رۆژگار و جەوری زەمانە نەبووایە، ئیستا چەند گاڤێکی تر لە پێشەوە بووین. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا و بە هەموو ئەو دۆخە ناخۆشەی کە بەسەر وڵات و بەسەر هەمواندا هات، ئێمە لە (GAV) و لە کایەی کارکردنی خۆماندا، خۆشبەختین بەوەی کە چەندین ئەزموونی گەورە و ناوازەمان پێشکەش بە بینەری کورد و بوارە هونەرییەکەی کوردستان کرد. لە دیارترین کەناڵەکانی کورستان بەرهەمەکانمان نمایش کران (کوردستان تیڤی، نەورۆز تیڤی، کەناڵ ٤، کۆرەك تیڤی، زاگرۆس تیڤی، هەرێم تیڤی، گەلی کوردستان، کەرکووك تیڤی و ...هتد) . زۆرترین و دیارترین و ناسراوترین هونەرمەندی کوردستانمان کۆکردەوە. رەنگ و دەنگی جیاواز و مۆزایکی بیر و بۆچوونە جیاجیاکانی کوردستانمان ئاوێتەی یەکتر کرد و خەسڵەتی کوردستانی بوونمان بەخشییە بەرهەمە هونەرییەکان، دەستپێشخەر بووین لە داهینانی چەمکی فەند و سپۆنسەری سەپۆرتی بازرگانی بۆ بەرهەمەکانمان و گواستنەوەی ئەرکی بەرهەمهێنان لە کەرتی گشتی و میرییەوە بۆ کەرتی تایبەت و کۆمپانیا. هاوکات بە دامەزراوەکردنی بواری بەرهەمهینانی هونەریمان کردە مەرجی کارکردن و دیسپلین و رێکخستنی گرێبەستی کارکردنی هونەریمان داهێنا کە زەمانی پێش کارکردنی ئیمە (سپۆنسەر و گرێبەست و ئیدارەی بەرهەمهینان) بوارگەلێکی غایب و نادیار بوون. هەوڵ و تەقەلامان دا و توانیمان کۆمپانیا بازرگانییە گەورەکانی وەك (ئاسیا سێڵ، کۆرەك تیلیکۆم، بابیلۆن میدیا، فۆنێکس، فامیڵی مۆڵ، یوبی هۆڵدین و چەند کۆمپانیای مام ناوەند و بچووکی تریش) قایل بکەین بە سەپۆرتکردن و سپۆنسەری بەرهەکانمان و سەرنج و بایەخدانی ئەوانمان بۆ بەرهەمی هونەریی خۆماڵی راکێشا. لە جێی ساخکردنەوە بەرهەم و دراما بیانییە کۆن و ئیکساپەیارەکانی وڵاتان! دڵسۆز و دەست و دڵکراوە و دڵپاك کاری زۆر باشمان کرد کە بایی ئەوەن شانازی بەخۆمان و ئەو مێژووەوە بکەین، ئەمڕۆش مخابن ئیمەی پیشەوەرانی ئەم بوارە و هونەرمەندان بەگشتی، هەست بە پاشەکشەیەکی مەترسیدار و پەراوێزخستن و نیگەرانییەکی زۆر دەکەین. لە کاتێکدا کە دەبینین کایەی هونەر بەگشتی و بواری بەرهەمهینانی خوماڵی بەتایبەتی لەم سێ و چوار ساڵەی دواییدا، تەواو پشتگوێ خراوە و لە بیرچۆتەوە. نە حکومەت و دەسەڵاتداران، نە دەوڵەمەند و کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان، نە هیچ خەمخۆرێك بایەخێکی ئەوتۆ بەم بوارە گرنگە کەلتورییە نادەن و ئاگایان لێی نەماوە. ئەمڕۆ هونەرمەندان بێنازن و کار و داهینان و بەخشش و بەرهەمەکانیان بێ بازاڕ و بێ ئەرزش و بێ نرخ بووە، لە کاتێکدا و لە بارێکدا کە دەبینین، چەندین دامودەزگا و کەناڵی میدیایی گەورە و زەبەلاح و دەوڵەمەند و خاوەن دەسەڵات بوونەتە مەیدان و دوکان و بازاڕی ساخکردنەوەی بەرهەمی بیانی لە جۆری (دراما و پڕۆگرام و بڕگەی جۆراوجۆر)ی وڵاتانی تورکیا و ئیران و چین و کۆریا و چەندین وڵاتی تری دوور و نامۆ بە چێژی راستەقینەی هونەریی لای بینەری کورد، ئەمەش جگە لە زیانی ماڵی و دارایی، کێشە و ئاریشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی گەورەشیان لە وڵاتدا خولقاندووە. بێ ئەوەی لایەنیك، یان دەزگایەکی میریی هەبێت کە رێوشوێنی پێویست بۆ ئەو فەوزا و بەهەدەردانی ماڵی و شێواندنی کەلتوورییە دابنێت، کە خولقێنەر و تاوانباری سەرەکی، خاوەن و کاربەدەستانی ئەو دەزگایانەن کە لە کەسانی کاڵفام و هەرزە و بەرژەوەندیخواز و ماڵپەست و بێ ئینتیما پێکهاتوون. هونەرمەندان و پیشەوەرانی ئەم بوارە داوادەکەن و بەپێویستی دەزانن کە دەسەڵاتداران و لێپرسراوانی هونەری و کەلتووریی کوردستان، خەمێك لەم کێشە گەورەیە بخۆن و سنوورێك بۆ ئەو پاشاگەردانی و بێ سەروبەرییە دابنێن کە بەشێکی کەم نییە لە گرفت و ئاڵۆزییەکانی کوردستان. هەر هیچ نەبێ و لایەنیکەم خەمێك نە(لەبەرەو پێشبردن)، بەڵکو لە پارێزگاریکردن لە کەلتوور و هونەری ئەم وڵاتە بخۆن.

لەم بۆنە پڕشکۆیەدا، پیرۆزبایی لە خۆم و هاوکارانم و هونەرمەندانی دڵسۆزی کوردستان دەکەم کە بەردەوام بە تاسە و خەمخۆرییەوە چاوەڕێی کاری نوێ و بەرهەمی تر و خزمەتی زیاتری هونەر و کەلتووری کوردستان دەکەن.

*** بەڕێوەبەری ناوەندی (GAV KURD ART)**